پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٢٩٨٦)] ساڵی ٢٠١٥

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)

بۆ پرۆژەی :_ گواستنەوەو داگرتنی ئاردی دەرەوەی شاری سلیمانی .

پـــــارێزگای سلێمانی بانگێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای **پـــــارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ب .گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (٤٥٠,٠٠٠)چوار سەدو پەنجا هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/٢٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٥/١١/٠٨) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (٢:٠٠) ی پاش نیوەڕۆ ,تەنها ڕۆژانی پێنج شەممە وەرگرتنی تەندەر تا کاتژمێر (١:٠٠) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٠٩/ ١١/ ٢٠١٥) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (١٠ / ١١ /٢٠١٥) کات ژمێر (٩) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٦٥) سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ (ڕۆژی ڕۆژمێری) .

٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی ئەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وەتیایدا هۆکاری ئەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ (email) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ١) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی (١و٢) بێت .

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە تایبەت مەند بن لە (گواستنەوە) وە مۆڵەتی گواستنەوەیان هەبێت لەو بوارەداو پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازیان هەبێت ماوەی بە سەرنەچوبێت .

٢- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٣- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٤- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٧٠,٠٠٠,٠٠٠) حەفتا ملیۆن دینارە بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت.

٥- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکاتو ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٦- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

سەدار قادر علی

جیگری پارێزگار بۆ کاروباری

هونەری

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گەنجینەی /٢ سلیمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب . کۆمپانیای گشتی دروستکراوی دانەوێلە / سلیمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / دارایی و ئابوری ٢٠١٥ - ٢٠١٦ .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە.

ب. تەندەر

ب. جێگری تەندەر